# چاوپێکەوتینی گارا لەگەڵ ئاڤان سدیق

لەبارەی پیشانگەی 20.01.2014 بۆ 20.02.2014  گەلەریی سەردەم



٢١ی شوباتی ٢٠٢٥ شێوەکاری

ئاڤان سدیق هونەرمەندێکی فرەڕەهەندە، جۆری کارەکانی تەنها لە سنووری نیگارکێشان و هێڵکاری و فۆتۆگرافی و ئینسەلەیشن ناوەستن، بەڵکوو چەند بوارێکی دیکەش لەخۆ ئەگرن وەکوو مامەڵەکردنێکی نوێ لەگەڵ مەتریاڵ و سپەیسدا.

سنوور لەنێوان کارە جۆراوجۆرەکاندا نەرم و تەنکن، بە جۆرێکە زۆر جار لە هەمان کاردا چەند جۆرێک لە بەشەکانی هونەری شێوەکاری دەبینرێ، وەکوو ئەوەی لەم پیشانگەیە پیشانی ئەدا کە بریتییە لە تێکەڵکردنی نیگار و ئینسەلەیشن و هێڵکاری و مەتریاڵی نوێ، بە

مامەڵەیەکی نوێ لەگەڵ فەزا و مەتریاڵ و بینەردا کە ڕۆڵێکی تایبەت لەم کارانەدا دەگێڕن و ئەمەش زیاتر هێز و ئازادی بە کارەکە داوە.

پیشانگەکە پێکهاتووە لە 12 تابلۆ کە لەسەر نایلۆنی ڕەق (فایبەرگلاس) دروست کراون و هونەرمەند ڕەنگی ئەکریلیک و قەڵەمی سەر شوشەی (ماجیکی تایبەت بە شوشە) بەکار هێناوە، پێوانەکانیان (100 بە 80) سانتیمەتر و بەرامبەر بە یەکتر دانراون بە جۆرێ کە بینەر لە شێوازی ئەم نمایشەدا دوو وەزیفەی هەبێت، لە لایەکەوە دەبێت بە بەشێ لە سەرجەمی پیشانگەکە و لەلایەکی دیکەشەوە وەکوو بینەرێکی ئاسایی ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت.

لە میانی ئەم پیشانگەیەی 'ئاڤان سدیق'دا جگە لە مەتریاڵ و سپەیس دەکرێت باس لە کات و شوێن، ئاگایی و نائاگایی، بەش و گشت، ڕێککەوت و درککردنیش بکەین.

مەبەستە سەرەکییەکانی ئاڤان سدیق لەم پیشانگەیەدا مامەڵەیەکی نوێ بوو لەگەڵ مەتریاڵدا و دروستکردنی دیاردەی هێنانە ناوەوەی بینەر بوو بۆ ناو کارە هونەرییەکە بە جۆرێ کە بینەر لەم حاڵەتەدا دەبێتە بەشێک لە ناوەڕۆکی کارەکە ( Internieden Betrachte ) و هەروەها دروستکردنی بەیەکداچوون و تێکهەڵکێشانی توخمەکانی ناو پیشانگەکە (Interaction) و گۆڕانی گۆشەنیگای بینەر بوو، کە دەبنە هۆی فراوانکردنی ڕەهەند و ماناکانی مەتریاڵ و ناوەڕۆک و سپەیس لە کاری هونەریدا.

بۆ تیشک خستنە سەر ئەم دیاردە و بابەتانە و بۆ زیاتر نزیکبوونەوە لەو کارە هونەرییەی ئاڤان سدیق و دونیا هونەریەکەی ئەم چەند پرسیارەم لێ کردووە.

- **بۆچی ئەو نایلۆنە شەفافە ڕەقەت (ڤایبەرکلاس) بەکار هێناوە؟**

- بۆ یاریکردنی بینەر لەگەڵ فیگەرەکانی ناو تابلۆکاندا، بۆ گۆڕینی بینەر لە سەیرکەرێکی پاسیڤەوە بۆ بینەرێکی ئەکتیڤی یاریکەر لەگەڵ فیگەرەکانی ناو تابلۆکاندا، هەرچۆن بتوانم مەودای بینین لای بینەر درێژتر و قووڵتر بکەمەوە .

- **تا چەند ئەو مەتریاڵانە یارمەتیدەر بوون بۆ گەیاندنی بیرۆکەکەت؟**

- بە ڕادەیەکی زۆر.

- **چۆن؟**

- له جۆری دانانی تابلۆکان که بەرامبەر یەکتر بوون، واتە شـــەش تابلۆ بە دوو ڕیز بەرامبەر بە یەکتر ئەمەش وای کردووە کە بینەر لە کاتێکدا دوو تابلۆ یان زیاتر بە یەکەوە دەبینێ، بەپێی جۆری وەستان و جووڵەی بینەرەکە.

- **ڕۆڵی مەتریاڵە بەکارهێنراوەکە چییە لە بەرجەستەکردنی هێڵ و ڕەنگ لەم کارەتدا؟**

- ئەمە زیاتر پەیوەندی بە ڕووبەرە ئاوییەکەی مەتریاڵەکەوە بوو، کە زۆرم لێ دەکات ڕەنگی ڕیش وەک قورســـایی و هێزێک بەرامبەر بە ڕووبەرێکی ئاوی ئامادەیی هەبێ، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو کۆنتراســـتەوە هێڵ و ڕەنگ بتوانن ئامادەیی خۆیان بەهێزبکەن لە کاتێکدا کە چەندین پەڵەڕەنگێکی کەم وەک ڕووبەر و دارشتن بەکار هاتووە بە جۆرێک کە ڕێگا بە بینینی هێڵ و ڕەنگەکان دەدات وادەکات کە بینەر هەست بە ڕووناکی و سپەیس بکات.

- **لەم کارەتدا دەبینرێ کە ڕەنگ کورت کراوەتەوە بۆ تەنیا پێنج ڕەنگ، ئەویش پێکهاتووە لە ڕەنگی شین، سوور، زەرد، سپی و ڕەش ئەم ڕەنگانەش بە جیاجیا بەکارهێنراون، بۆ؟**

- من لە ڕاســـتیدا ئەم پرســـیارەم دوای تەواوبوونی کارەکە لە خۆم کرد و گەیشـــتمە ئەو ئەنجامەی کە لەوانە (سـوور و شـین و زەردەکان) ڕەنگە سـەرەکییەکانن کە لە تێکەڵبوونیان ڕەنگەکانی تری لێ دروست دەبێ، ئینجا سـەرەنجام کارەکەی من واهەڵکەوتووە ئەو بوارە بۆ بینین ئەرەخســـێنێ کە ڕەنگەکـان بکەونە ســـەر یەکتر و لە ئەنجـامـدا بتوانرێ ڕەنگە لاوەکییەکان دروســـت بن، ئەمە جگە لەوە بوونی هەردوو ڕەنگی (ڕەش و ســـپی) وەکو دوو ڕەنگی بێلایەن بۆ بەهێزکردنی ئازادی و جوانی هێڵەکانە، هەروەها لێرەدا بە پێویســـتی ئەزانم ئاماژە بە ڕەنگی (جلی بینەرەکانیش) بدەم کە بەشـــدار ئەبن لە ڕەنگی تابلۆکاندا، ئەوەی لە کۆتاییدا ڕەنگ و هێڵ دروسـتی دەکەن شـێوەی مرۆڤەکانە لە حاڵەتی سـەیرکردن بە جۆرێ کە چاوی فیگەرەکان ڕاســـتەوخۆ ســـەیری بینەرکە ئەکەن. وەکو ئەوەی ئەوان خۆشـــیان تەماشـــاکەر بن جگە لەوەی وەک بابەتی ســـەرەکی ببینین، فیگەرە مرۆڤەکانی ناو تابلۆکانیش سەیری یەکتر دەکەن، ئەمەش بە ڕوونی و ئاشکرایی لە جۆری دارشتنی فیگەرەکاندا دیارە.

- **ئەمە چ ڕۆڵێک دەبینێ لە ناوەڕۆکی بیرۆکەی پیشانگەکەت؟**

- ڕۆڵی ڕوونکردنەوە دەبینێ کە بینەر و فیگەرەکانی ناو تابلۆکە دەبنە تەماشـــاکەری یەکتر و ئەمە یەکێکە لە ناوەڕۆکی بیرۆکەکەی من.

- **چ پەیوەنـدییەک ئەبینی لە نێوان مەتریاڵە بەکارهێنراوەکان و شـــێوەی گشـــتی کارە هونەرییەکەت؟**

- من پێم وایە مەتریاڵ بە گشـــتی دەرەنجـامی بیرۆکەی کارکردنە، بە جۆرێک کە مەتریـاڵی بەکارهاتوو بتوانێ گوزارشت لە بابەتەکە بکات کە لە پرۆسیسی. کارکردنەکەدا بواری نائاگایی بمێنێتەوە.

- **واتا نائاگایی ڕۆڵی هەیە لە کارەکانتدا؟**

- بەڵێ

- **چۆن ؟**

- بە بڕوای من ئەوەی هونەر لە ناهونەر جیا ئەکاتەوە ئەوەیە کە لە ناهونەردا شێوەیەکی پتەو و پێشوەخت لە ناو مێشکدا دروست ئەبێت کە لە ئاگاییەوە دەقاودەق خۆی وێنە ئەکاتەوە بە جۆرێکی ئاشـنا (مەئلوف) لە کاتێکدا لە ناو سـەرجەم پرۆسـێسی. کارکردنی هونەریدا چەند جارێک گۆڕانکاری بە سەر بیرۆکەی دیاریکراوی ئاگایی دێت، کە لەوانەیە کارەکە بە تەواوەی بە پێچەوانەی بیرۆکەی ئاگاییەوە بێت، لێرەوە ڕووبەرێک دروسـت دەبێت بۆ زیاتر کرانەوە بە سەر ئاگایی و نائاگاییدا. بە جۆرێ کە خودی ئاگایی ئەخاتە ژێر پرسیارەوە .

- **مەبەستت چی بوو لەو جۆرە دانانەی تابلۆکانت؟**

- مەبەستم ئەوە بوو کە بواری تێڕامان لای بینەر زیادکەم .

- **چۆن**

- گشت کەرەستەی کارکردنەکە ناکرێ لە یەک جیا بکرێتەوە بە جۆرێ کە ئەستەمە ڕەنگ و هێڵ و مەتریاڵی پلاســـتیکەکە و مەتریاڵی بەکارهێنراو لە یەک جیا بکرێتەوە (تێکەڵاو ئەبن) گرینگی ئەم کارە زیاتر بۆ بینەری ڕۆژهەڵاتی بوو، لەبەر ئەوەی من لەم کارەدا بینەر لە زاکیرەی خۆی دائەبڕم بەوەی کە من توخمی کەمی لەسە ڕووبەرەکان پێشکەش ئەکەم.

- **ئایا ئەمە یەکەمین ئەزموونتە لە گەڵ ئەو مەرتریاڵە؟**

- نەخێر . کاری ئەم پیشـانگەیە درێژکراوەی زنجیرەیەکە لە کارکردنم کە سـەرەتاکەی بۆ سـاڵی (2007 ) دەگەڕێتەوە کە تیـایـدا کارەکـانم ئەوکات فۆتۆ بوون و بـابەتەکانیشـــم فۆتۆی دەموچـاوی هەنـدێ کەس کە لە تەمەن و ڕەگەزدا جیـاواز بوون و بە هەمـان مەتریـاڵ جێبەجێم کردبوو.

- **لە کـاتی ئەو پیشـــانگەیەوە تـاکوو ئەمە چ گۆڕانکـارییەکـت بەدی کردووە لە جۆری مامەڵەتدا لەگەڵ ئەم مەتریاڵە؟**

- جیاوازییەکان و گۆڕانکارییەکان زیادتر لە جۆری گۆشـــەنیگای بینیندایە، هەروەها ئەمجارە بابەتەکانیش جیا لەم پیشانگەیەدا ئەویش ئەوەیە کە من بابەتەکانم بە نیگارکێشی.کردووە و پێکهات بوون لە دەموچاو و نیو لەش و وێنەی لەشی تەواو.

- **مەبەستت چییە لە جیاوازییەکانی گۆشەنیگای بینەر؟**

لەنێوان پیشـــانگەی ســـاڵی (2007 ) و ئەم پیشـــانگەیە خاڵی جەوهەری و هاوبەش هەن ئەویش ئەوەیە کە هیچ کات یەک تابلۆ بە تەنها ســـەیر ناکرێ بەڵام جیاوازییەکە لەم پیشـــانگەیە لەوەدایە کە مەودای بینین درێژ ئەکاتەوە، واتە لە پیشـــانگەی ســـاڵی 2007 هەڵکەوتنی تابلۆ و جۆری هەڵواسینەکانی لەسەر بنەمای پێشت تێکردن بوو.

- **چۆن؟**

- گۆڕانکارییەکان لە شێوەی دانانی کارە هونەرییەکاندا بوو، ئەوکات واتە ساڵی 2007 شێوەی هەڵواســـینەکەی چوارگۆشـــەی کراوەی لەناو یەکدا دروســـت ئەکرد لە کاتێکدا ئەمجارە جۆری دانانی تابلۆکان لە شێوەی ڕاڕەوێکدا بوو.

- **چۆن ئەمە ڕوون ئەکەیتەوە؟**

- وەک ئاشکرایە کاتێک لە ناو چوارگۆشەیەکدا دەوەستین ناچارین لە کاتی سەیرکردندا سێ لا فەرامۆش بکەین بۆ ســـەیرکردنی تەنها یەک لا، لە کاتێکدا لەم پیشـــانگەی ئەم جارەمدا ژمارەی تابلۆکان و جۆری هەڵواسینیان سپەیسێکی کراوەی دروست ئەکرد.

- **جگە لە ڕەنگ و پلاستیکە شەفافەکان، ئایا تیشک ڕۆڵی هەبوو لە پیشانگەکەدا؟**

- بەڵێ

- **چۆن؟**

- لەم پیشـانگەیەمدا ئەتوانین کاریگەرییەکانی تیشـک بکەین بە دوو بەشـەوە. یەکەمیان ئەو تیشـکەی کە ڕەنگەکان لەناو خۆیاندا دروسـتی ئەکەن. دووەمیان ئەو تیشـکانەی کە لەنێوان ڤایبەر گڵاسـەکەوە دێت، لە هەندێ شـوێندا بە هۆی تیشـکی کاردانەوە کە لە ڤایبەر گڵاسی بەرامبەر دەردەچێ و بەبێ هێز و بە تەنکی وێنەکەی دووبارە دەکردەوە، لێرەدا بە هۆی ئەو تیشکانەوە ڕووبەری جیاواز لەسەر مەتریاڵە شەفافەکە دەردەکەوێت.

- **ئایا دەکرێت تیشک لەم کارەدا وەکوو مەتریاڵ ببینرێ؟**

- نەخێر، بەڵکوو دەکرێ وەکوو یاریدەدەر بۆ مەتریاڵ ببینرێ، بۆ خولقاندنی جیهانێکی سەراباوی .

- **چۆن؟**

- ئەو وێنانەی کە فۆرمەکانیان بەهێز نین دونیایەکی دوور لە شوێن دەخولقینن وەک سێبەر لەسەر تابلۆکان دەردەکەوتن هەرچەندە خودی سێبەر بە ڕێژەیەکی کەم لە تابلۆکانمدا دەردەکەون.

- **ڕۆڵی شوێن چییە لە جۆری بینینی کارەکانت؟**

- لەبەر ئەوەی مەتریاڵە بەکارهێنراوەکان ڕووبەری بۆشیان تیایە ئەمە وام لێ ئەکات کە ئاگام لە بێکهاتەی شوێن و جۆری هەڵواسین بێ وە بوارم بۆ ئەرەخسێنێ کە شوێنەکە خۆی بێتە ناو کارەکانەوە.

- **ئەی جۆری هەڵواسینی کارەکانت؟**

- جۆری هەڵواسین ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ لە نیشاندانی کارەکاندا بە جۆرێ کە دەبێ من ئاگادار بم فەوزا بۆ چاوی بینەر دروست نەکەم لەبەرئەوەی من بڕیارم دا کە ڕاڕەوێک دروست بکەم بە شێوەیەک کە هەر دوو تابلۆ بەرامبەر یەک بە مەسافەیەک هەڵواسم کە بینەر بتوانێ لە نێوانیایدا هاتوچۆ بکات و من بەم جۆرە سێ (شوێن) بە ڕووی بینەردا دەکەمەوە و گۆشە بینینی بۆ وەلا ئەکەم لە گۆشەنیگایەکەوە بۆ چەندین گۆشەنیگا و لەم حاڵەتەیشدا هێزی شوێن یەکسان دەبێت بە هێزی بینین. هەروەها ئەمەوێت خاڵێکی تری گرینگ لەسەر بابەتی شوێن ڕوون بکەمەوە، ئەویش پەیوەستە بە پێوانەی فیگەرەکانەوە کە دەبنە هۆی گۆڕان لە (تەسەور)دا بۆ شوێنێکی واقیعی کە کارەکانی تێدا هەڵواسراوە.

- **تۆ مەبەستت بوو گۆڕانێک لە تەسەور بۆ شوێن دروست بکەیت؟**

- بەڵێ من بەوە ویستومە بە کارەکان ئەو یاریکردنە لەگەڵ بینەر دروست بکەم کە لە ڕێگەی تەواوی لەش و جووڵەی بینەر و بینینی جیاجیا و پێوانەی جیا و کارەکتەری جیا و سپەیسێک بخولقێنێ کە ببێت بە بەشێ لە سەرجەمی کارە هونەرییەکە.

- **ڕۆڵی کات چییە لەم کارەدا؟**

- لای من کات واتە جووڵە، ڕووداو، لەبەر ئەوەی بینەر ئەجووڵێت بەرامبەر بە کارەکە و کارەکەش بەرامبەر بە بینەر ئەجووڵێتەوە، بەم جۆرە توانیومە چەند زەمەنێک لە یەک

کاتدا بخولقێنم، بە هۆکاری جیاوازی گۆشەی بینین بەپێی جۆری وەستانی بینەر بەرامبەر بە کارەکان.

- **لێرەدا چ پەیوەندییەک لەنێوان کات و شوێن لە میانەی کارەکانتدا دروست ئەکەی؟**

- شوێن لای من کات دیاری ئەکات.

- **چۆن؟**

- بە ڕای من لەم کارەمدا گۆشەنیگا پابەندە بە شوێنەوە، جووڵەش لە شوێندا ڕووداو دروست ئەکات و ڕووداویش لای من کات دروســـت ئەکات و کاتیش رابوردوو و ئێســـتا و داهاتووی هەیە.

- **ئەمە چۆن بەیەکەوە دەبەستیتەوە لە میانەی کارەکەتدا؟**

- لەم کارەمدا گۆشەنیگای جیاواز، بابەتی جیاواز دروست ئەکات.

- **چۆن؟**

- دینامیکیەتی بینەر دەبێتە هۆی گۆڕان لە دارشـــتنی تابلۆکاندا ئیدی من پێموایە راســـتەوخۆ بابەتیش گۆڕانکاری بەسـەر دێت و ئەمەیش لە زەمەن و شـوێنێک دەگوێزرێتەوە بۆ شـوێن و زەمەنێکی تر.

- **تۆ لەم کارەتدا چیت لە بینەر ئەوێت؟ چاوەڕوانی تۆ چی بوو لە بینەر؟**

- ئەوەی لای من گرینگە لە میانەی ئەم کارەمدا، ئەوەیە کە بینەر ئامادەگییەکی ســـاتەوەختی هەبێ لە بەرامبەر کارەکانم، لە سەرەتادا بە بابەتکردنی پاسیڤێتی بینەری ئەم کۆمەڵگەیە. من هەوڵمداوە لە تابلۆکانمدا جۆرە فیگەرێکی مرۆڤ دروســـت بکەم کە بتوانن ســـەیری بینەر بکەن، لێرەدا بینەر ڕووبەڕووی ســـەیرکەر دەبێتەوە کە وێنەی کەســـەکانی ناو تابلۆکەن و بەمەش هەستی وروژانێک لای بینەر دروست دەبێت وەکوو ئەوەی دەبێ شتێک ڕوو بدات ئەو کات بینەر بۆی دەردەکەوێت کە خۆیشی. بابەتێکی سەرەکییە لە پیشانگەکە کە جارێک دەبێتە ســـەیرکەر و جارێکی تر هەر خۆی دەبێتە فیگەرێکی زینـدوو و تێکەڵێش بۆ بینەری بەرامبەر بە جۆرێ کە جلەکانی و ڕەنگی پێستی و جووڵەی تێکەڵ دەبێت بە کارەکان.

- **مەبەستت چییە لەمە؟**

- من لێرەدا دوو مەبەســتم هەیە کە دژ بەیەکن و پەیوەندیان بە ســـەربەســتی بینەر و جۆری ڕاڤەکردنی هەیە، بۆ کارەکان هەروەکوو ئەوەی من توانیبێتم چەند یەکەیەکی تەواونەکراو بخەمە پێش چـاوی بینەر کە توانـای تەواوی شـــوێنگۆرکێکردنی فیگەرەکـانی هەبێـت بە

ســـەرجەم هێڵ و ڕەنگەکانیانەوە بە پێچەوانەشـــەوە من لە هەمان کاتیش ویســـتوومە سنووریک بۆ سەربەستی بینەر دابنێم.

- **چۆن؟**

- لە کاتێکدا یەکەکانی ناو کارە هونەرییەکە بە تەســـەوری من وادەکا خەیاڵی بینەرەکە تەنها لە ناو (ئەتمۆسفێری پیشانگەکە)دا بمێنێتەوە بەمەش ڕەنگە توانیبێتم سپەیسەکانی ئازادیی ئەو وابەستە بکەم تەنها بە ئەتمۆسفێری پیشانگەکە و ڕووداوەکانی.

- **مەبەستت چییە لە ڕووداوەکانی ناو پیشانگەکە؟**

- مەبەستم لەو حاڵەتە چاوەڕواننەکراوەیە کە لەناو پیشانگەکەدا ڕوو دەدات.

- **وەکوو چی؟**

- وەکوو گۆڕانی سلوکی هەندێ لە بینەرەکان لەناو پیشانگەکەدا.

- **ئەتوانیت ئەمە زیاتر ڕوون بکەیتەوە؟**

- بۆ نموونە دانیشـــتنی بینەرێـک لە ســـەر کورســـییەک کە وێنەکەی لە نـاو تـابلۆکەدا دەردەکەوێت کە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی بینەرەکانی تر.

- **ئایا مەبەستت بووە بینەر بکەیتە بەشێک لە کەرەستەی کارکردن؟**

- بەڵێ، ئەوە یەکێکە لە مەبەسـتە سـەرەکییەکانم، ئەتوانم بڵێم کە کارەکانی ئەم پیشـانگەیەم بەبێ بینەر ناتەواوە.

- **چۆن لە پیشـــانگەیەتدا جیاوازی ئەکەیت لە زەروورەتی ئەو جۆرە بینەرە تایبەتە، لە کاتێکدا بینەر بۆ گشت پیشانگەیەک پێویستە؟**

- لە کاتی تەواوبوونی تابلۆیەکی ئاســـاییدا هونەرمەند بە بوون و نەبوونی بینەر هەســـت بە تێربوون ئەکا، بەڵام لەم کارەمدا من خۆم ناگەمە ئەو لەزەت و تێربوونە بەبێ بوونی بینەر، لێرەدا من ئەمەوێ تێکهەڵکێشـانێک و بەریەککەوتنێک دروسـت بکەم لەنێوان خۆم و کارە هونەرییەکەدا.

- **من ئەمە وەکوو دیاردەی (ئینتەرئەکشن) ئەبینم لە کارەکانتدا، ئەتوانی هەندێ باس لەو دیاردەیە بکەیت لە میانەی ئەم کارەتدا؟**

- ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مەتریاڵەی کە من بەکارم هێناوە و لە پێش هەموویانەوە ڕووبەرە ئاوییەکە کە پلاسـتیکەکەیە، من پێویسـتیم بەوە بووە کە بەیەکداچوونێک لەنێوان هەموو

پارچەپارچەکانی ناو هۆڵەکە بە بینەریشـــەوە دروســـت بکەم، کە بەیەکەوە ببنە یەکەیەکی دانەبڕاو.

- **ویستووتە بینەر تووشی شۆک بکەیت؟**

- نەخێر.

- **ئەی سەرسووڕمان؟**

- بەڵێ، لەبەر ئەوەی لەم پیشـــانگەیەدا کاتێ کە ڕووبەڕوو لەگەڵ بینەردا دەدوام، ئەوان باسی شتێکی چاوەڕواننەکراویان دەکرد.

- **بۆچی تابلۆکانت لە شـــێوەی ئەبســـتراکت نەکردووە، بەڵکوو فیگەری مرۆڤت تیایاندا بەکار هێناوە؟**

- لەبەر ئەوەی گشت شێوەی فیگەرەکان و مەتریاڵەکان و هێڵەکان و ڕەنگەکان هەموویان لە پێناوی پێشـــاندانی حاڵەتێک لە خامۆشی ناوەکیی مرۆڤی ئەم ســـەردەمەدایە کە بە جۆرێک لەلای من لە زنجیرەیەک دەچن کە پەیوەنـــدییەکی دانەبڕاویـــان بە یەکەوە هەیە، لەبەر ئەوەی لە حاڵەتی تەجرید (ئەبستراکت) بە تەنها لە ڕێگەی ڕووبەر و هێڵەکانەوە نەمدەتوانی ئەو حالەتە خامۆشییە مرۆییە دەربڕم.

- **لەم کارەتدا دەکرێ بابەتی (بەش و گشت) ببینرێ، چۆن ئەتوانی ئەمە ڕوون بکەیتەوە؟**

- من وای بۆ ئەچم کە بابەتی پەیوەندیی (بەش و گشـــت) ئەو خاڵە جەوهەرییە کە لە ڕێگەی دارشـــتن و فۆرمەلەکردنی پارچە بچووکەکان بە پارچە گەورەکانەوە بەدی دێت، ئا لێرەوە ناســـنامەی جیاوازیی هونەرمەندەکە دەســـت پێ دەکات ئیدی من جەخت لەســـەر ئەوە ئەکەم کە پارچە بچووکەکان بە تەواوەتی بینراو بن و بەهایان هەبێت و لە دواییدا هەر بەشە بچووکەکانن کە لە ڕێگەی پەیوەندییەکی گونجاو لەگەڵ یەکتردا بەها بۆ گشـــت (هەموو) دیاری دەکات.

- **چۆن ئەمە لە میانەی کارەکەتدا ڕوون ئەکەیتەوە؟**

- ئەگەر هەر بەشـــێک لە تابلۆکەم وەک پارچەیەکی بچووک و ســـەربەخۆ دیاری بکەین و بێ پەیوەندی لەگەڵ تیشـــک و شـــوێن و بینەر و تابلۆکەی تەنیشـــتی و تابلۆکەی بەرامبەریم، ئەوکات پارچەکان بوونیان بێ هێز دەبێت و دەبینین بەهای مانادارییان نییە.

- **چۆن؟**

- دیســـانەوە دێمەوە ســـەر وەڵامەکەی ســـەرەوە کە پەیوەندیی دیاریکراوی نێوان پارچە بچووکەکان بەها و ماناکانیان تەواو ئەکەن و ئەمەش یەکەیەکی یەکگرتووی گشـــتگیر پێک دەهێنێت.

- **ئایا ئەمە مەبەستت بووە یان بە سودفە (لەناکاو) دروست بووە؟**

- بەڵێ مەبەستم بووە.

- **ئایا سودفە ڕۆڵی هەیە لەم کارەتدا؟**

- بە هۆی مەتریاڵە بەکارهێنراوەکەوە من پابەند بووم بەوەی لە کاتی هێڵکاریدا هێندە ڕێگا بە (ســـودفە) بدەم، بەڵام بە دیوێکی تردا لە ڕێگای چۆنێتیی دانانی تابلۆکانەوە ڕێگا بە هاتنە ناوەوەی پارچەکانی دیکە ئەدا بۆ ناوخۆی، بەبێ ئەوەی ئەم کارە پلانی بۆ دانرابێ و ئەمەش کۆنترۆڵ ناکرێ و ئەبێتە هۆی دەرکەوتنی سودفە.

- **چۆن ئەتوانی ئەم دیاردەیە هەندێ زیاتر ڕوون بکەیتەوە؟**

- ئەمە پابەندە بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پانتاییە ئاوییە کە زۆر جیاوازە وەک مامەڵەکردن لەگەڵ مەتریاڵی ئاساییدا، وەک قوماش یان کاغەز یان دار چونکە بواری هەڵە و سڕینەوەی تیا نییە و ئەمەش سنوور بۆ سەربەستیی هێڵ دائەنێ لەبەر ئەوەی من پێویستم بەوە هەبوو کە لە دیوی پشتی نایلۆنەکە کاری شابلۆنی بۆ بکەم لە کاتێکدا تا ڕادەیەکی زیاتر سەربەستیم لە بەکارهێنانی ڕەنگەکاندا هەبووە و لەم حاڵەتەشدا دەکرێ دەرفەت بۆ سودفە بێتە کایەوە.

- **ئەم کارەی تۆ تەنها بۆ بینین نەبووە بەڵکوو بۆ (درککردنیش) بووە بە جۆرێ ئەتوانم بڵێم کە درککردنی بینەر بە کارەکەت ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت بۆ هەستکردن بە سەرجەم کارە هونەرییەکە، چۆن ئەمە ڕوون ئەکەیتەوە؟**

- درککردن حـاڵەتێکی تـاکەکەســـییە کە پەیوەســـتە بە رابوردوو و مەعریفەی خـودی تاکەکەســـەکەوە و تاڕادەیەک ئەو ڕاڕەوەی کە کارەکان پێکی ئەهێنێت لەگەڵ توخمەکانی ســەر تابلۆکان. من لەم کارەمدا هەوڵم داوە (درککردن) وابەســتە بکەم بە شــوێن و بینەرەوە. لێرەوە بە هۆی جۆری گشـــتی کارەکانەوە (وەکوو چۆنێتیی کارکردنەکە و جۆری دانـانیان) نازانم تا چ ڕادەیەک من ســـەرکەوتوو بووم، کە بتوانم بینەر لە ڕابوردووی خۆی دابڕم کە ئەویش بتوانێ پەیوەســـتی بە کاتی بینینی تابلۆکانەوە، بەمەش کرداری (درککردن) گۆڕانکاری بەســـەردا دێ بەتایبەت کاتێ کە بینەر لە رابوردووی خۆی جیا ببێتەوە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت، بەڵام هەر لە سەرەتاوە لای من ئاشکرایە کە ئەمە هەوڵدانێکی سەختە.

**تێبینی :-**

*** ئەم چاوپیکەوتنە لە گۆڤاری (تاو)ی هونەر ژمارە (55) ساڵی هەشتەم هاوێنی (2015) بڵاو بۆتەوە.**


*** گەلەریی سەردەم سەر بە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بوو. لە دوای کۆچی دوایی شێرکۆ بێکەس ئەنجوومەنی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بڕیاری داخستنی دا.**


*** ئەم پیشانگەیە لە گەلەریی سەردەم کرابوو لەنێوان (20.01.2014 بۆ 20.02.2014) لە شاری سلێمانی ئەو کاتە بەڕیوەبەری گەلەری( سامی داود ) بوو .**















solo exhibition by
AVAN SADEQ
at 20 / 1 /2014
GALLERY
SARDAM
پێشانگەی هونەرمەند
ئاڤان صدیق
رۆژی دووشەممە: 20--1--2014
کات : 4 PM